# ***Ballet***

ڕەنگە ئەم ووشەیە تا ڕادەیەکی زۆر بەهەر یەکێک لە ئێمە ئاشنابێت کە دیارە ووشە ی(Ballet)بە هونەری سەمایی ( بالێ ) دەووترێت . ئەم هونەرە یەکێکە لەو هونەرانەی کە بە مەودایەکی فراوان زۆر لە ڕەگەزو یەکە سەرەکییەکانی سەرجەم دنیای هونەرەجوانەکان لە خۆئەگرێت ، دیارە گرنگترین ڕەگەزو پێکهاتەکانی هونەری ( بالێ ) ، ڕەگەزی ( موزیک ) و ( سەما ) یە کە دیارە بەرجەستەبوونی ئەم دوو ڕەگەزە لە ناوەڕۆکی هونەری ( بالێ ) دا لە ئاستێکی هونەری بەرزدا دەبینرێن . سەرەتاکانی سەرهەڵدانی هونەری ( بالێ ) ، دەگەڕێتەوە بۆ سالەکانی 1581 وە زیاتر ئەم هونەرە بەشێوەیەکی بەرچاو لە لای میللەتانی ( ڕۆمان ، یۆنان ، فەرە نسا ، ئیتاڵیا ) ، گرنگی پێدراوە ، وە یەکەمین کارو بەرهەم لە فۆرمی موزیکیی سەمایی ( بالێ ) دەگەڕێتەوە بۆ هەمان مێژوو کە ئەویش ( بالێ ی شاژن ) بوو، وە کاری نوسینی موزییکە کەی لە لایەن موزیکزانی ئیتاڵی ( بالتازارینی ) ئەنجام دراوە ، دوا تر لە سەردەمی ( لویسی چواردەهەم ) دا بووە ، کە هونەری ( بالێ ) ئاستێکی بەرزتری بووە ، ئەویش لە گەڵ دامەزراندی ( ئەکادیمیای نیشتیمانیی سەماو موزیک ) لە ئیتاڵیا ، کە دیارە باشترین موزیکزانەکانی ئەو سەردەمە کاریان لەو ئەکادیمیایەدا کردووە وەک ( لوللی ) و ( ڕامۆ ) و ( بۆشام ) .

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە هونەری ( بالێ ) بە پێی سەردەمە موزیکییە جیا جیاکان چەند جۆرێکی زۆری لێ پەیدا بووە لە دیارترینیان :

1/ بالێ ی ڕۆمانتیکی

2/ بالێ ی ئۆپێرا

3/ بالێ ی نوێ

وە زۆر موزیکزانی جیهانی ڕۆلێ گەورەیان هەبووە لە برەودان بەهونەری (بالێ ) وەک ( ڕۆسینی ، ڤێردی ، چایکۆفسکی ، کۆرساکۆف ) و زۆری تریش .

Muzic-Chrakan
2005